زنجیرە بابەتێكی فیقهی :

# ئایا نوێژی (فرض) ئەگەر فەوتا قەزا دەكرێتەوە ؟

✍ ئامادەكردنی ماموٚستا/ سامي مصطفى حسن

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

ئەنجامـدانی نوێـژە فـەرزەكان لـە سـەرەتای كـاتی دیـاری كـراوی خۆیانـدا یەكێكـە لـە كرادارە خۆشەویستەكان لـە لای خوای گەورە :

عن عبد الله بن مسعود (رضي الله عنه) قـال: ((سألت النبـي (ﷺ) أي العمل أحب إلـى الله ؟ قال: الصلاةُ على وقتها ، ...))[1].

واتە: پرسیارم كرد لە پێغەمبـەر (ﷺ): ئایا چ كردەوەیـەك خۆشەویسـترە لـە لای خوا؟ فەرمووی: نوێژ ئەنجامدان لە كـاتی خۆیدا ...

وە كەمتەرخـەمی كـردن و سسـتی لـە ئەنجامـدانی نوێـژە فـەرزەكان لـە كـاتی خۆیانـدا یەكێكـە لـە سـیفات و نیشـانەی مونافیق و دووڕووەكان: خوای گەورە لەم بارەیـەوە فەرموویـەتی: ﴿إن المنــافقين يخادعونَ اللّه وهو خادِعهم وإذا قـاموا إلـى الصلاةِ قاموا كُسـالى يـرآؤونَ النـاس ولاَ يذْكُرونَ اللّهَ إلا قَلِيلاً﴾ [سورة النساء (١٤٢)] .

واتـە: دووڕووەكـان وادەزانـن خـوا دەخەڵـەتێنن بـەڵام خـوا ئـەوان دەخەڵـەتێنێت، وە ئەگـەر هەسـتن بـۆ ئەنجامـدانی نوێـژەكان بـە سسـتی و تەمبەڵییەوە هەڵدەستن و پێشچاووی بۆ خـەڵك دەكـەن و زیكـری خـوایش ناكـەن ئیللا كەمێك نەبێت .

وە پێغەمبـەریش (ﷺ) فەرموویـەتی: ((تلك صلاةُ المنافِق يجلس يرقب الشـمس حتى إذا كانت بين قرنـي الشيطان قام فنقرها أربعاً لاَ يذْكُر اللّه إلا قَلِيلاً))[2].

واتـە: ئـەوە نوێـژی دووڕووە دادەنیشێت چاودێری خۆر دەكات تاوەكو دەگاتە نێوان (دوو شاخی شەیتان، واتـە: نزیكـی خـۆر ئـاوان بـوون) ئـەو كاتـە هەڵدەسێت چوار دەنووك دەدات لە زەوی و زیكری خوا ناكات ئیللا كەمێك نەبێت .

وە خوای پـەروەردگار سـەبارەت بـە سزای ئەم جۆرە كەسانە و ئەوانەش كەوا

---

[1] صحيح البخاري رقم: (٥٢٧) .

[2] صحيح مسلم رقم: (٦٢٢) .

نوێژه فەرزەکانیان لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا ئەنجام نادەن فەرموویەتی:

﴿فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ (٤) الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلاتِهِمْ سَاهُونَ (٥)﴾ [سورة الماعون] .

واتە: تیاچوون و فەوتان و سزای خوا بۆ ئەو نوێژخوێنانەی کەوا کەمتەرخەن لە ئەنجامدانی نوێژەکانیاندا.

ئیمامی (ابن كثير) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی: (أي الذين هم من أهل الصلاة وقد التزموا بها، ثم هم ساهون عنها، إما عن فعلها بالكلية كما قاله ابن عباس، وإما عن فعلها في الوقت المقدر لها شرعاً، فيخرجها عن وقتها بالكلية كما قاله مسروق ... وإما عن وقتها الأول فيؤخرونها إلى آخره دائماً أو غالباً ...) .

واتە: مەبەست لێرەدا ئەو کەسانەیە کەوا نوێژگەرن و پەیوەستن پێیەوە، بەلام دوای ئەوە کەمتەرخەمن تێیدا: یان لە ئەنجام دانیدا بە گشتی وەکو ابن عباس فەرموویەتی، وە یان کەمتەرخەمن لە ئەنجام دانیدا لەو کاتەی کە بۆی دیاری کراوە لە شەرعدا، بەوەی کەوا دوای بخات و لە کاتی خۆی دەری بکات وەکو مەسروق فەرموویەتی ... وە یان دوای دەخات لە سەرەتای کاتەکەیدا بۆ کۆتاییکەی بە بەردەوامی یان زۆرجارێك ...

بەلام ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێت لێرەدا تیشکی بخەینە سەر ئەوەیە:

## ئایا نوێژی فەرز ئەگەر فەوتا قەزا دەکرێتەوە ؟

لە وەلامی ئەم پرسیارە زۆر گرنگەدا - بە یارمەتی خوا - دەلێین:

ئەنجام دانی نوێژی فەرز (الصلاة المفروضة) لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا مەرجێکە لە مەرجەکانی قەبوڵ کردنی، خوای پەروەردگار لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الصَّلاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَاباً مَوْقُوتاً﴾ [ النساء: ١٠٣].

واتە: نوێژ لە سەر بڕواداران نوسراوەو فەرز کراوە بەکاتی دیاری کراو .

جا هەر وەکو چۆن دەست نوێژ مەرجێکە بەبێ ئەو نوێژ قەبوڵ ناکرێت، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((لا يقبل الله صلاة أحدكم إذا أحدث حتى يتوضأ))[٣].

واتە: خوا نوێژی یەکێك لە ئێوە قەبوڵ ناکات ئەگەر دەست نوێژی نەما تاوەکو دەست نوێژ دەگرێتەوە .

بەهەمان شێوە کاتیش مەرجێکە ئەگەر نوێژی (فرض) لە کاتی خۆیدا نەکرێت ئەوا قەبوڵ ناکرێت .

وە لە هەموو کتێبەکانی فەرموودەدا بابەتی کاتەکانی نوێژیان تێدا باسکراوە،

---

[٣] صحيح البخاري رقم: (١٣٥) وصحيح مسلم رقم : (٢٢٥) . وانظر: (نيل الأوطار: باب الوضوء بالخارج من السبيل).

کە تێیدا بەچەندین فەرموودەی پیرۆز دیاری دەکات کەکاتی هەر نوێژێك لە پێنج نوێژەکان کەی دەست پێ دەکات، و کەی کۆتایی دێت [٤].

ئەم فەرموودانە هەموویان وەکو تەفسیرێکن بۆ ئایەتی: ﴿أَقِمِ الصَّلَاةَ لِدُلُوكِ الشَّمْسِ إِلَى غَسَقِ اللَّيْلِ وَقُرْآنَ الْفَجْرِ إِنَّ قُرْآنَ الْفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا﴾ [الاسراء: ٧٨].

**چمكێك لە ووتە بەنرخەکانی (ابن حزم الظاهري) لە سەر قەزا کردنەوەی نوێژ:**

زانای پایە بەرز (ابن حزم الظاهري) (ت/٤٥٦هـ) لە کتێبە بەنرخەکەیدا ((المحلى))دا دەفەرمێت: (ئەگەر کەسێك بە ئەنقەست (عمداً) نوێژەکەی لەکاتی خۆیدا نەکات، وە بۆی هەبێت قەزای بکاتەوە ئەوا ئەو هەموو ئایەت و فەرموودانەی باس لە کاتی نوێژەکان دەکەن هیچ مانایەکیان نامێنێت!! وە بێ گومان ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) لە بێ مانایی دوورن بەڵکو گشتیان پڕ ماناو بەرەکەتن.

- وە دەفەرمێت: ئەو هەموو ئایەت و فەرموودە پیرۆزانە بۆ ئەوە هاتوون تاوەکو موسڵمان بزانێت: کە هەروەکو چۆن پێش کاتی دیاری کراوی نوێژی (فرض) ئەگەر نوێژەکە بکرێت قەبوڵ نیە، هەروەها پاش کاتەکەیشی قەبوڵ نیە، وە هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان ئەو کەسەی پێش کاتی نوێژەکە نوێژ دەکات، وە ئەو کەسەی پاش کاتی نوێژەکە نوێژ دەکات.

- وە دەفەرمێت: هەر کەسێك بڵێت ئەو کەسەی (عمداً) نوێژ لەکاتی خۆیدا نەکات بۆی هەیە (قەزای)بکاتەوە، ئەوا ئەو کەسە زیادەیەك لە شەریعەتدا دروست دەکات، وە شەریعەت دانان تەنها بۆ خودایە لە سەر زاری پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، وە نە لە قورئان وە نە لە فەرموودەیشدا باسی قەزا کردنەوەی نوێژی (فرض) نەهاتووە: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا﴾ [مريم: ٦٤] واتە: خوای پەروەردگاری شتی لە بیر ناچێت.

- وە دەفەرمێت: خوای گەورە هیچ عوزرێکی دانەناوە کە بە هۆیەوە دروست بێت نوێژ (عمداً) لە پاش کاتە دیاری کراوەکەی بکرێت، بەڵکو لە گەرمە گەرمە و ترسی جەنگدا بە موسڵمانان دەفەرمێت: نوێژەکانتان بکەن چۆن بۆتان ڕێك دەکەوێت: بە پێوە بن یان لەسەر ئەسپەکانتان: ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا﴾ [البقرة/٢٣٩].

وە ڕوخسەت نادات دوا بخرێت بۆ پاشی کاتەکەی.

---

[٤] انظر: (صحيح البخاري: كتاب مواقيت الصلاة)، و(صحيح مسلم: باب أوقات الصلوات الخمس)، و(موطأ مالك: كتاب مواقيت الصلاة).

وە هەروەها پێغەمبەری خوشەویست (ﷺ) بە موسڵمانی ناساغ ونەخۆشیش دەفەرمێت: ((صل قائماً فإنْ لـم تستطع فقاعداً فإنْ لـم تستطع فعلى جنبٍ))[٥].

واتە: ئەگەر نەتتوانی نوێژ بە پێوە بکەی ئەوا بە دانیشتنەوە بیکە، وە ئەگەر نەتتوانی بە دانیشتنەوە بیکەی ئەوا لەسەر تەنیشت بیکە (واتە: بە هەڵاژیانەوە لە سەر لا رووەو قیبلە رابکشێت).

وە ئەگەر ئاو نەبوو دەست نوێژ بگریت ئەوا (تەیەموم) بکە[٦] ...

وە ئەم زانا پایە بەرزە (ابن حزم) چەندین بەڵگەی تر دەهێنێتەوە لەسەر ئەم بابەتە[٧].

**چەندین فەرمودەی ( صحیح ) لەسەر ڕاستی ووتەکانی ( ابن حزم ):**

وە ڕاستی ووتەکانی ئەم زانا پایە بەرزە بە چەندین فەرموودەی (صحیح) دەردەکەوێت لەوانە:

**فەرمودەی یەکەم:**

ئیمامی بوخاری و ئیمامی مسلم[٨] لە (أبو هريرة)وە (رضي الله عنه) ڕیوایەت دەکەن کە پێغەمبەری خوشەویست (ﷺ) دانیشت بوو لە ناو مزگەوتدا، و پیاوێك هاتە ژوورەوە نوێژی کرد ئینجا هات سەلامی لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، وە پێغەمبەریش (ﷺ) وەڵامی سەلامەکەی دایەوە، و پێی فەرموو: ((إرجع فصل فإنك لـم تصل)).

واتە: بگەڕێرەوە نوێژەکەت بکەرەوە چونکە تۆ نوێژت نەکرد ـ واتە نەتزانی ڕوکنەکانی نوێژەکەت بێنیتەجێ ـ .

پیاوەکەیش گەڕایەوە نوێژەکەی کردەوە، ئینجا گەڕایەوە بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) هەر وەکو جاری یەکەم سەلامی لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، وە پێغەمبەریش (ﷺ) بە هەمان شێوە وەڵامی دایەوە، و وەکو جاری یەکەم پێی فەرموو:

((إرجع فصل فإنك لـم تصل)).

وە هەروەها جاری سێیەمیش بەهەمان شێوە، ئیتر پیاوەکە زانی کەناتوانێت نوێژەکەی ڕاست بکاتەوە، و بەو شێوەیەی ئەو دەیکات نوێژەکەی بەتاڵە ئینجا فەرمووی: ((علمني يا رسـول الله ...)) واتە: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فێرم بکە هەر ئەوندە دەزانم؟

ئینجا پێغەمبەری خوشەویست (ﷺ) فێری کرد چۆن دەبێ (رکوع ) و

---

[٥] صحيح البخاري رقم: (١١١٧) .

[٦] انظر باب التيمم من كتاب "بلوغ المرام" ص: (٣٣ ـ ٣٦).

[٧] انظر المـحلى: (٢/٢٣٥ـ٢٤٤) مسألة : (٢٧٩) .
وقد حسن العز بن عبد السلام قول ابن حزم في كتابه "قواعـد الأحكام": (٢ /٦)، وانظر: "بدعة التعصب المـذهبي" ص : (٢٣٩) .

[٨] صحيح البخاري رقم: (٦٢٥١) وصحيح مسلم رقـم: (٣٩٧).

(سجود)ی نوێژ بەتەواوی ببات، بۆ ئەوەی بە تەواوی نوێژ بکات .

جێی مەبەست لەم فەرمودەیەدا - بۆ باسەکەمان - ئەوەیە:

کە ئەم پیاوە چەندین جار نوێژی فەرزی بەم ناتەواوی‌یەوە کردووە، چونکە نەی دەزانی نوێژ بکات، وە سەرەڕای ئەمە پێغەمبەری خوشەویست (ﷺ) پێی نەفەرمووە نوێژەکانت (قەزا) بکەرەوە ! ! !.

**فەرمودەی دووەم:**

هەروەها ئیمامی بوخاری و ئیمامی مسلم[9] لە (عەمماری کوڕی یاسر)ەوە (رضي الله عنه) ڕیوایەت دە کەن کە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ کارێکی ناردووە ئەویش لە ڕێی کارەکە توشی (لەش گرانی) بووە، و هیچ ئاوی دەست نەکەوتووە بۆ (غسل) کردن، ئیتر خۆی لە خاك گەوزاندوە بە نیەتی (تەیەموم) کردن بۆ نوێژکردن، وە کاتێك کە گەڕاوەتەوە بۆ لای پێغەمبەری خوشەویست (ﷺ) وە قسەو باسەکەی بۆ گێڕاوەتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) بۆی ڕوون کردووەتەوە کە چۆنێتی (تەیەموم) کردنی هەڵەیە، و چۆنێتی (تەیەموم)ی فێرکردووە .

[9] صحيح البخاري رقم: (٣٤٧) وصحيح مسلم رقـم: (٣٦٨).

جێی شاهد - بۆ باسەکەمان - لەم فەرموودەیەدا ئەوەیە:

کە (عمار رضي الله عنه) لە شوێنێکی دوور لە ئاو بووە، و توشی (لەش گرانی) بووە، بۆ لابردنی (جەنابەت)ەکە بە هەڵە (تەیەموم)ی کردووە، و بەم (تەیەموم)ە هەڵەیەوە نوێژی کردووە، وە کاتێك کە گەڕاوەتەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ، پێغەمبەر (ﷺ) (تەیەموم)ەکەی بۆ ڕاست کردووەتەوە، وە پێی نەفەرمووە ئەو نوێژانە (قەزا) بکاتەوە کە بەم (تەیەموم)ە هەڵەیەوە کردووتە ! ! !.

*** نەبونی ( قەزا ) کردن لەم دوو فەرمودەیەدا لەبەر نەزانینی حوکمەکەیە :**

- وە ئەگەر بوترێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی (قەزا ) کردنەوەی بەو کەسە ڕانەگەیاندوە کە بە هەڵە نوێژی کردووە - فەرموودەی یەکەم - وە هەروها فەرمانی (قەزا ) کردنەوەی بە (عەممار ) (رضي الله عنه) ڕانەگەیاندووە کە نوێژی کردووە بە (تەیەموم)ێکی هەڵە - فەرمودەی دووەم - چونکە ئەمانە نەیان زانیوە (العـذر بالجهل) هەروەکو چۆن هەردوو زانای پایە بەرز (ابن تيمية وابن القيم )بۆی دەچن[10]

[10] إعلم - رحمني الله وإياك - أن شيخ الإسلام ابن تيمية وتلميذه ابن القيم قد ذكرا أمثلة كثيرة من السنة المشـرفة على نحو هذا المعنى، وحملا العلة في عدم أمر النبي (ﷺ) لهم بالقضاء على العذر بالجهل . انظر: "الفتاوى الكبرى" لابن

ئەگـەر نـا كردنـەوەی نوێـژی لەسـەریان (واجب) دەكرد ئەگەر (عمداً) نوێژەكـەیان نەكردایە؟

ئـەوا وەڵامـی ئەمـە لـە فـەرموودەی (سـێیـەم) و (چـوارەم ) و تـەواوی ئـەم باسەدایە:

**فەرموودەی سێیەم:**

ئیمامی مسلم لە (ابـن عمـر)ەوە (رضي الله عنه) ڕیوایـەت دەكـات كـە پێغەمبـەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویـەتی: ((الذي تفوته صلاة العصـر كأنما وتر أهله وماله))[11].

واتە: ئەوەی نوێژی عەصری بفـەوتێت وەكو ئەوە وایـە كـە كـەس و كارەكـەی و ماڵەكەی لە دەست چووبێت.

جێی شاهد لەم فەرمودەیەدا ئەوەیە كە: پێغەمبـەر (صلى الله عليه وسلم) بـاس لـە تـاوانی فەوتانـدنی نوێـژێك دەكـات كـە چـەند گەورەیە ئەمەش مانای ئەوەیە كە (قەزا ) نییە، ئەگەر نا كەی فەوتاندنی نوێژ هەیە ئەگەر (قەزا) هەبێ؟

تيمية : (٢٤٦/٢)، و"إعـلام المـوقعين" لابـن القـيم: (٢٥٨/٢) .

وألزم البعض - هؤلاء المعذورين بالجهل على قول ابن تيمية وتلميذه - بالقضاء دون دليل بل بعكس الـدليل! . فقد ذكر السيوطي: أن الجهل مسقطٌ للإثـم فقط أمـا الحكم فإن وقع في ترك مأمورا ـم يسقط بل وجب تداركه . انظر: "الأشباه والنضائر" ص : (١٨٨) .

[11] صحيح البخاري رقم: (٥٢٢) وصحيح مسلم رقـم : (٦٢٦).

واتە: ئەگەر (قەزا) كردنەوەی نوێژی نەكراو لە كاتی خۆیدا حوكمێكی شـەرعی بوایـە ئـەوا فەوتانـدنی نوێـژ هـیچ بـوونی (وجودی) نەدەبوو[12].

وە ئەگەر (قـەزا) كردنـەوەی نوێـژی نەكراو لە كاتی خۆیدا حوكمێكی شـەرعی بوایـە بۆچـی دەیـان فـەرموودەی وەكـو ئەمـە بـاس لـە تـاوانی فەوتانـدنی نوێـژ دەكەن، وە تـەنها یـەك فـەرموودە نـیـە باس لە شەرعیيەتی (قەزا) بكات؟؟!!!

**فەرمودەی چوارەم:**

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: ((إذا أدرك أحدكم - أول - سجدةٍ من صلاة العصر قبل أنْ تغرب الشمس فليتم صـلاته، وإذا أدرك - أول - سجدةٍ من صلاة الصـبح قبل أنْ تطلع الشمس فليتم صلاته))[13].

واتە: ئەگەر یەكێكتان بگاتـە یەكـەم سەجدەی نوێژی عەصر پێش ئـەوەی كـە ڕۆژ ئـاوا بێـت ئـەوا بـا نوێژەكـەی تـەواو بكات، وە هەروەها ئەگەر گەیشتە یەكـەم سەجدە لـە نوێـژی بـەیانی پـێش ئـەوەی ڕۆژ هـەڵ بێـت ئـەوا بـا نوێژەكـەی تـەواو بكات .

جێـی شـاهد - بـۆ باسـەكەمان - لـەم فەرمودەیـەدا هـەر شـێخی (الألبـاني) خـۆی

[12] انظر: المـحلى : (٢٣٨/٢) .

[13] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (٦٦) . والحـديث عند البخاري دون الزيادتين اللتين بين الشارحتين ، فهمـا عند النسائي والبيهقي وغيرهما .

پاش (تخريج) کردنی فەرموودەکە لە هەمان سەرچاوەدا لە کاتی باس کردنی سودەکانی فەرموودەکە باسی دەکات و دەفەرمێت:

**سودی چوارەم:** کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێت: با نوێژەکەی تەواو بکات کاتێ دەگاتە سەجدەی یەکەم پێش ڕۆژ ئاوا بوون لەنوێژی عەصر، وە پێش ڕۆژ هەلاتن لە نوێژی بەیانی، ئەمە مانای ئەوەیە ئەگەر نەگەیشتە ئەم سەجدەیە ئەوا بە کاتەکە ڕانەگەیشتوە، وە نوێژەکەی بەتاڵە، کەواتە تەواوکردنی نییە، ئیتر ئەگەر ئەمە حاڵی کەسێك بێت کە گەیشتۆتە بەشێکی نوێژەکە پێش دەرچونی کات ئەوا دەبێ حاڵی ئەو کەسە چی بێت کە کاتی نوێژ کۆتایی هاتووە ئەویش هێشتا نوێژەکەی نەکردوە؟؟! ! واتە: ئەگەر - یەکەمینەکە- کە بە بەشێکی کاتی نوێژەکە گەیشتووە بۆی نەبێ نوێژی خۆی تەواو بکات، چۆن دەبێ - دووەمینەکە - بۆی هەبێ نوێژەکەی خۆی کە (عمداً ) نەی کردووە هەتا لە کاتەکەی خۆی دەرچوە (قەزا )ی بکاتەوە[١٤]؟؟! ! ...

بابەتەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە وە پێویستی بەدووان (تعليق) نییە!

[١٤] سلسلة الأحاديث الصحيحة : (١/١٤٠ـ ١٤١) .

*** چەند بەڵگەیەکی ئەو زانا بەڕێزانەی کە بۆ شەرعیەتی (قەزا ) کردنەوەی نوێژ دەچن:**

١ ـ **بەڵگەی یەکەم**: ئەگەر بوترێت:

ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە موسڵمانان ڕاناگەیەنێت کە دوای ئەوچەند سەرکردەیەك دێن نوێژ لە کاتی خۆی دوا دەخەن، ئەو کاتە ئێوە نوێژەکەتان لە کاتی خۆیدا بکەن، پاشان ئەگەر پێی ڕاگەیشتن لەگەڵ ئەوانیشدا نوێژەکە بکەن، بۆتان بە (سوننەت) دەژمێردرێت؟؟

جێی شاهد لە فەرمودەکەدا ئەوەیە کە: ئەم سەرکردانە نوێژەکەیان پاش کاتی دیاری کراوی نوێژ کردوویانە، ئەمەش مانای (قەزا)یە، وە نوێژەکەیان ئەگەر نادروست بوایە ئەوا پێغەمبەری خوشەویست (ﷺ) دیاری دەکرد، وە فەرمانی بە موسڵمانان نەدەکرد کە نوێژ لەدوایاندا بکەن[١٥]؟

[١٥] ونص الحديث عن أبى ذر(رضي الله عنه) أن رسول الله (ﷺ) قال: ((كيف أنتم إذا كان عليكم أمراء يؤخرون الصلاة عن وقتها أو يميتون الصلاة عن وقتها؟)) قال ـ أي: أبو ذر (رضي الله عنه) قلت: فما تأمرني؟ قال: ((صل الصلاة لوقتها فإن أدركتها معهم فصل فإنها لك نافلة)) الحديث أخرجه مسلم: (٦٤٨/٢٤٤) وأبو داود : (٤٣١) والترمذي: (١٧٦) وأحمد: (٣٣٨/٤) وغيرهم ولها ألفاظ . وأنظر: "مجموع الفتاوى" لشيخ الإسلام أبن تيمية: (٢٢/ ١٥) .

وەڵامەکە: بەڵێ ئەمە فەرمودەیەکی (صحیح)ە ئیمامی (مسلم ) ڕیوایەتی دەکات، بەڵام نابێتە بەڵگە بۆ ڕاستی قەزا کردنەوەی نوێژ، چونکە مانای: ((یؤخرون الصلاة عن وقتها)) ئەوە نییە کە پاش کاتی نوێژەکە نوێژەکە دەکەن، بەڵکو مانای ئەوەیە کە نوێژەکە دوا دەخەن لە یەکەم بەشی کاتەکەی نەك لە هەمو کاتەکەی هەروەك چۆن ئیمامی (النووي) لە شەرحی فەرمودەکەدا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ بە بەڵگەی (واقع) کە دەفەرمێت: هیچ سەرکردەیەکی موسڵمانان نوێژی دوا نەخستوە بۆ پاش تەواوبوونی کاتەکەی، وە پێویستە فەرموودەکە واقعیانە لێك بدرێتەوە[١٦].

٢ - **بەڵگەی دووەم: قەزا کردنەوەی نوێژی ئێوارەی ڕۆژی خەندەق:**

وە ئەگەر بوترێت:

ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی عەصری لە غەزوەی (خەندەق)دا پاش خۆر ئاوا بوون (قەزا) نەکردووە[١٧]؟

وەڵامەکە: - بەڵێ ڕاستە وایە، بەڵام ئەمە پێش دابەزینی ئایەتی (نوێژی ترس، صلاة الـخوف) بوو، بۆیە دوای دابەزینی شەرعییەتی (نوێژی ترس) لە کاتی جەنگدا پێویستە لە سەر ئەو موسڵمانەی کەوا بە هۆی ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ دووژمنـدا دەکەوێتە تەنگەبەرییەوە: نوێژی ترس ئەنجام بدات و نابێت نوێژەکەی لە کاتی دیاری کراوی خۆی دوا بخات بە بیانووی ڕووبەڕوو بوونەوەی دووژمن لە جەنگدا .

بۆیە زۆرینەی زانایان بۆچوونیان وایە کە ئەم قەزاکردنەوەیەی ڕووداوەی (غەزوەی خەندەق) مەنسوخە بە ئایەتی شەرعییەت دان بە (نوێژی ترس).

- دووەم: پێغەمبەر (ﷺ) نوێژەکەی لەبیر کردووە لەبەر زۆری کاری (جیهاد) نەك (عمداً) نەی کردوە، هەر وەکو لە ڕیوایەتی بوخاریدا هەمان فەرموودە بەدرێژ تر باس کراوە لە (ئیمامی عومەر)ەوە (رضي الله عنه) کە تێیدا (عمر) (رضي الله عنه) نوێژەکەی وەبیری پێغەمبەر (ﷺ) هێناوەتەوە، وە تێیدا باس دەکات کە پێغەمبەر (ﷺ) پاش ڕۆژ ئاوا بوون نوێژەکەی کردووە پاشان نوێژی (مغرب)ی کردوە، واتە: ئەم فەرموودەیە باس لەوە ناکات کە کەسێك (عمداً) نوێژ نەکات[١٨].

---

[١٦] أنظر: شرح صحيح مسلم للنووي: (١٤٩/٥) و"عون المعبود" : (٧٠/٢) و "مجموع الفتاوى: (٢٢ /٥٤).

[١٧] صحيح البخاري رقم: (٢٩٣١) و (٤١١١) و (٤٥٣٣) و (٦٣٩٦) وصحيح مسلم رقم: (٦٢٧). وانظر: "الفقه الإسلامي وأدلته" للزحيلي : (١١٤٧/٢) ، و "الفتاوى الإسلامية" : (١/ ٢٣٧) و (١ / ٢٦٣) .

[١٨] أنظر: المحلى لابن حزم: (٢ / ٢٤٣) .

*** دوو حاڵەت كە كار لە كاتی نوێژ ناكەن: لەبیر كردن و نوستن:**

وە لێرەدا شیاوی وەبیرخستنەوەیە كەدوو حاڵەت هەن ئەگەر مرۆڤ بە هۆیانەوە نوێژ لە كاتی خۆیدا نەكات ئەوا تاوانبار نابێت، وەبۆی هەیە پاش نەمانی ئەم دوو حاڵەتە پاش كاتی نوێژەكە نوێژەكەی بكاتەوە ئەگەر بەم كردنەوەیەی نوێژ پاش كاتەكەی جابڵێین (قەزا ) یان (أداء) هیچ جیاوازی یەك نی‌یە[19] وە ئەم دوو حاڵەتە بریتین لە:

**یەكەم: نوستن**

**دووەم: لەبیركردن**

بەڵگەی ئەمەش فەرموودەكەی (أنس)ە (ﷺ) كە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((من نام عن صلاة أو نسيها فليصـلها إذا ذكرهـا لا كفـارة لهـا إلا ذلك))[20].

واتە: هەر كەسێك نوێژێك لەبیر بكات یان لە كاتەكەیدا خەوتبوو ئەوا كاتێ بەبیری هاتەوە با نوێژەكەی بكات هیچ كەفارەتێكی نی‌یە ئیللا ئەمە نەبێ.

وە كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ئەم دوو حاڵەتە - نوستن و لەبیركردن - تایبەتمەند دەكات ئەمە خۆی لەخۆیدا بەڵگەیە كە نوێژ لەبەر هەر حاڵەتێكی تر لە كاتی خۆیدا نەكرێت ئەوا خاوەنەكەی بۆی نی‌یە بیكاتەوە، چونكە مەرجی (كات) كە یەكێكە لە مەرجەكانی نوێژ نەماوە[21] .

*** ئەوەی ( عمداً ) نوێژ لە كاتی خۆیدا نەكات قیاس نا كرێت لە سەر ئەوەی لە كاتی نوێژدا نوستوە یان نوێژەكەی لە بیر چووە:**

- وەئەگەر بوترێت: ئەگەر فەرموودە هەبێ لەسەر كردنەوەی نوێژ بۆ ئەو كەسەی كە نوستووە یان لەبیری كردووە لە كاتی بەخەبەر هاتنی یان بە بیرهاتنەوەی - پاش كاتی نوێژەكە - ئەوا بۆچی ئەوەی (عمداً) نوێژی لەكاتی خۆیدا نەكردبێت لە سەری قیاس ناكرێت ؟[22]

وەڵامەكە: بە سێ خاڵ دەدەینەوە:

١ - ئەوەی (عمداً) نوێژەكە نەكات تاوانبارە، بەڵام ئەوەی كە خەوتووە

---

[19] قال شيخ الإسلام: (الفرق بين (لفظ الأداء والقضـاء) هو فرق إصطلاحي لا أصل له في كلام الله ورسوله، فـإن الله سمى فعل العباد في وقتها قضاءً قال تعالى: ﴿فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ﴾ [ الجمعة/١٠] وقال تعالى في الحج: ﴿فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ فَاذْكُرُوا اللَّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَاءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا﴾ [ البقرة /٢٠٠]، مـع أن هـذين لايفعلان إلا في الوقت). "الفتاوى العراقية" : (٤٢/١).

وأنظر هذا المعنى في كلام الرسول (ﷺ) في السلسـلة الصحيحة: (٣/ ١٣٧٩، ١٣٩٢، ١١٩٨) .

[20] صحيح البخاري رقم : (٥٩٧) وصحيح مسلم رقم : (٦٨٤) .

[21] انظر: نيل الأوطار للشوكانـي : (٢ / ٢٥) .

[22] انظر: الفقه الإسلامي وأدلته للزحيلي : (١١٤٨/٢) .

لــەکاتی نوێژەکــەدا یــان نوێژەکــەی لەبیرکردووە هیچ تاوانی لە سـەر نـیـە، کەواتە چۆن دەبێ تاوانبـار لـە سـەر بێ تاوان قیاس بکرێت؟!...

قیاســـێکی ئــــاوا پێچـــەوانەی بنچینەکانی شەریعەتە[٢٣].

٢ ـ وە هـەروەکو چۆن ئـەم قیاسـە پێچـــەوانەی بنچـــینەکانی شـــەریعەتە، هـەروها دژی ئامانجـەکانی شەریعەتیشـە، چـــونکە شـــەریعەت کـــەفارەتی بـــۆ (لەبیرچوو) و (خەوتوو )داناوە کە ئەویش کردنەوەی نوێژەکەیە، وە بێجگە لە تەوبە کـردن هـیچ کـەفارەتێکی بـۆ ئـەو کەسـە دانەناوە کە (عمداً) نوێژەکـەی نـەکردووە لەکاتی خۆیدا، ئەمەش وەکو نیشـانەیەك بـۆ گـەورەیی تاوانەکـەی، واتــە ئەگـەر هەرکەسێ بۆی هەبێ پـاش تـەواو بـوونی کـاتی نوێژەکـەی نوێـژی خـۆی بکاتـەوە ئەوا ئەمە دەبێتە هـۆی سوکایەتی کـردن بە نوێژ و کاتەکەی، نوێـژ کـە گـەورەترین خـــودا پەرســـتیـــیە پـــاش وشـــەی یەکخواپەرســـــتی، ئەمـــــەش دژی ئامانجەکانی شەریعەتە(٢٤).

٣ ـ ئەوەی نوێژ لەبیردەکات یـان لـە کاتی نوێژدا نوستووە، زۆر زانایان لەسەر ئەوەن کە کاتی نوێـژ بەنسـبەت ئـەم دوو کەسە بریتـیـە لـە کـاتی وەبیرهاتنـەوە و بەخەبـــەر هاتنیـــان، وە بەڵگەشـــیان ڕیوایـەتی (ئیمـامی البیهقــ ي)و (ئیمـامی الدارقطني)یـە: ((من نسي صلاةً فوقتـها إذا ذكرها)).

واتــە:ئــەوەی نوێـژێك لــەبیر دەکـات کاتەکەی کاتی وەبیر هاتنەوەیەتی.

بۆیە ئـەم زانایانـە دەڵێن: کـات دوو کاتە: کاتی ئیختیاری ، و کاتی (عوزر ).

یەکەمیان: دیارە، و دووەمیان کـاتی نوێـژە بـۆ نوسـتوو و لەبیرچـوو، ئـەویش بریتـیـە لــەو کاتــەی کەتێیـدا وەبیریـان دێتەوە و بەخەبەر دێن .

کەواتە لە ئەسڵدا ئەمانە ـ لەبیرچـوو و خـــەوتو ـ لــەکاتی خۆیانـدا نوێـژیان کردووە، ئیتر چۆن دەبێت ئەوەی (عمداً) نوێژی لە کاتی خۆیدا نەکردبێ لە سەریان قیاس بکرێـت[٢٥] ؟؟!!! ئـیتر بـەم سـێ خاڵە ئەم قیاسـە پوچـەڵ دەکرێتـەوە بـە تایبەت خاڵی یەکەم، واتـە: دووری قیـاس کردنی تاوانبار لە سەر بێ تاوان .

**نوێژە ( سوننەتەکان ) قەزا دەکرێنـەوە بە پێچەوانەی نوێژی ( فرض )** .

بۆیـە هـەر لـە ڕوانگـەی خـاڵی یەکەمـەوە جیاوازی دەکرێت لە نێوان نوێژی (فـەرز) و نوێـژی (سـوننەت) چـونکە نـەکردنی

(٢٣) انظر : الـمحلـى : (٢ / ٢٣٧) .
(٢٤) نفس الـمصدر .
(٢٥) أنظر: السلسلة الصحيحة : (١ /١٤٢،١٤١).

نوێژی سوننەت لە ئەسڵدا تاوان نیە بە پێچەوانەی نوێژی (فەرز)، بۆیە هەر کەسێ لەبەر هەر هۆیەك نوێژێکی سوننەت نەکات بۆی هەیە قەزای بکاتەوە، بەڵگەی ئەمە لەم دوو فەرموودەیەدایە:

یەکەم: پێغەمبەر (ﷺ): ئیقراری کەسێکی کردووە کە سوننەتی پێش نوێژی بەیانی نەکردووە، و پاشی نوێژی بەیانی سوننەتەکە دەکاتەوە[٢٦].

دووەم: (أم سلمة) (خوای لێ ڕازی بێت) پێغەمبەری (ﷺ) بینیوە کە پاش نوێژی عەسر سوننەتێك دەکات ئەویش پرسیاری لێ کردووە: ئەمە چ سوننەتێکە پاش نوێژی عەسر دەیکەیت؟ پێغەمبەریش (ﷺ) بۆی ڕوون کردەوە کە لەبەر کاری وەفدی (بني عبد القيس) سوننەتی پاش نیوەڕۆی نەکردووە، ئێستا دەی کاتەوە، واتە: پاش نوێژی عەسر[٢٧].

کەواتە: بەڵگەی فەرموودە، و قیاسی ڕاست ـ صحیح ـ یەك دەگرنەوە لەسەر دروستی (قەزا )کردنی نوێژی سوننەت کاتێ لەبەر هۆیەك نەکرێت، وەهەروها فەرموودە و قیاسی ڕاست ـ صحیح ـ یەك دەگرنەوە لەسەر نادروستی (قەزا) کردنەوەی نوێژی (فەرز) کاتێ لەبەر هەر هۆیەك لەکاتی خۆیدا نەکرێت بێجگە لە نوستن و لە بیرکردن[٢٨].

وە نەکردنی نوێژی (فەرز) لە کاتی خۆیدا (عمداً) تاوانێکی گەورەیە پێویستی بە (تەوبە) کردن هەیە نەك (قەزا) کردنەوە[٢٩].

## * نوێژی (فەرز) لەسەر ئەو عیبادەتانە قیاس ناکرێت کە (شەرع) ڕێ بە (قەزا) کردنیان دەدات:

* وە ئەگەر بوترێت:

نەخێر قیاسی ڕاست ئەوەیە کە نوێژی (فەرز) قەزا بکرێت وەکو چۆن: ئەگەر کەسێك ڕۆژوەکەی شکاندبێت بە خۆڕشاندنەوە (عمداً) قەزای لە سەر دەکەوێت بە بەڵگەی (صحیح)[٣٠] ئەوا نوێژیش هەمان شت

---

[٢٦] صحيح سنن الترمذي ، وأنظر أيضاً فقهها ومذاهب العلماء فيها في : "نيل الأوطار" : (٣/٣٠) .

[٢٧] صحيح البخاري رقم : (١٢٣٣) وصحيح مسلم رقم : (٢٩٧) .

[٢٨] أنظر الفصل الثاني من كتاب إعلام الموقعين : (٢/٥) وما بعدها ... في بيان [أنه ليس في الشريعة شيءٌ على خلاف القياس، وأن ما يظن مخالفته للقياس فأحد الأمرين لازم فيه ولابد: إما أن يكون القياس فاسداً، أو يكون ذلك الحكم لم يثبت بالنص كونه من الشرع ] فهو هام جداً .

[٢٩] أنظر : المحلى : (٢ / ٢٤٤) .

[٣٠] عن أبي هريرة (رضي الله عنه) مرفوعاً ((من ذَرعه القيء فلا قضاء عليه، ومن إستقاء فعليه القضاء)) صحيح سنن أبي

ئەگەر (عمداً) لە کاتی خۆیدا نەکرێت دەبێ قەزا بکرێتەوە، چونکە ئەمە قەرزی خودایە (والله أحق بالوفاء)[31].

ئەمە لە لایەك، وە لەلایەکی تریشەوە بەپێی بنەما (أصولی)یەکان هەر شتێك بەپێی فەرمانی خودا واجب ببێ لە کاتێکی دیاری کراودا ئەگەر (مكلف) لە کاتی خۆیدا نەی کرد ئەوا هەر لە سەری دەمینێ و پێویستە قەزای بکاتەوە[32].

وەلامەکە: بەلگەی (صەحیح) هەیە لەسەر قەزا کردنەوەی ڕۆژوو کاتێ کەسێك (عمداً) لە کاتی خۆیدا ـ رمضان ـ ڕۆژووی شکاندبێ بە خۆڕشاندنەوە، وە هەروها یاسای (أصولی) هەیە کە کاتێ شتێك بە فەرمانی (شرع) واجب دەبێ وە (مكلف) لە کاتی خۆیدا نەیکات ئەوا لە سەری دەمینێ هەتاوەکو قەزای دەکاتەوە[33].

---

داود رقم : (٢٣٨٠) وصحيح سنن الترمذي رقم: (٧٢٠).

(31) صحيح البخاري رقم : (١٨٥٢) .

(32) أنظر: الإبهاج في شرح المنهاج : (٦٤/١) وهو: شرح منهاج الوصول إلى علم الأصول للعلامة البيضاوي شرحه تقي الدين علي السبكى وولده. و "إحكام الفصول في علم الأصول" : (١٠٨،١٠٩/١) للإمام أبي الوليد الباجي صاحب المنتقى في شرح الموطا.

(33) وهو قول بعض أصحاب الشافعي والرأي المختار عند جمهور الحنفية كالقاضي أبي زيد وفخر الإسلام البزدوى

بەلام قیاس کردنی نوێژ لە سەر ڕۆژوو، وە هەروها سەپاندنی ئەم بنەما (أصولي)انە بەسەر کەسێکدا کە نوێژی (عمداً) لەکاتی خۆیدا نەکردبێ شتێکی نادروستە .

*** ئەگەر نوێژی (فەرز) لە کاتی خۆیدا نەکرا ئەوا چ شتێك جێی دەگرێتەوە لە ڕۆژی دوایی دا ؟؟**

ئەگەر کەسێك چەند نوێژێکی (فەرز)ی لە کاتی خۆیدا نەکردبێت ئەوا با (نوێژی سوننەت) زۆر بکات، چونکە لە ڕۆژی دوایدا خوای گەورە ئەو (فەرز)انەی کە چواندویانە بۆیان قەرەبوو دەکاتەوە بەم سوننەتانە .

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال: ((إن أول ما يحاسب به العبد يوم القيامة من عمله صلاته، فإنْ صلحت فقد أفلح وأنجح، وإنْ فسدت فقد خاب وخسر، فإنْ إنتقص من فرضته شيء، قال الرب عزوجل: أنظروا هل لعبدي من تطوع؟ فيكمل بها ما انتقص من الفريضة، ثم يكون سائر عمله على ذلك))[34].

---

وابي بكر الرازي وإليه ذهب الحنابلة . أنظر: (إحكام الفصول للباجي : (١٠٨،١٠٩/١) .

(34) صحيح سنن الترمذي رقم : (٤١٣) .

واتە: یەکەم شت کەوا لێپرسینەوەی عەبدی لە سەر بکرێت لە قیامەتدا لە کردەوەکانیدا بریتی‌یە لە نوێژەکانی، جا ئەگەر بەچاکی و ڕێکی ئەنجامیانی دابێت ئەوا سەرفراز و سەرکەتوو دەبێت، وە ئەگەر خراپ بێت و کەموکوڕی تێدا بێت ئەوا بێ‌ئومێد و خەسارەتمەند دەبێت، وە ئەگەر هەندێك نەقوسانی لە فەرزەکانیدا هەبێت (واتە: بە کاملی هەمووی ئەنجامنەدابێت) ئەوا خوای گەورە دەفەرمێت: بڕوانن بزانن ئایا عەبدەکەم نوێژی سوننەتی هەیە؟ بەو سوننەتانە نەقوسانی‌یەکانی نوێژە فەرزەکانی بۆ تەواو و کامڵ دەکرێت، ئەنجا هەموو کردارەکانی بەم شێوەیە لێدەکرێت .

قال شيخ الإسلام ابن تيمية: (تارك الصلاة عمداً لا يشرع له قضاؤها ولا تصح منه، بل يكثر من التطوع).

واتە: ئەو کەسەی کەوا بە ئەنقەست (عمداً) واز لە نوێژ دەهێنێت دروست نی‌یە بۆی بە قەزا بیانکاتەوە و لێشی وەرناگیرێت، بەڵکو دەبێت نوێژی سوننەت زۆر بکات .

هەروەها (ابن حزم)یش فەرموویەتی: (وأما من ترك الصلاة عمداً حتى خرج وقتها، هذا لا يقدر على قضائها أبداً، فليكثر من فعل الخير وصلاة التطوع، ليثقل ميزانه يوم القيامة، وليتب وليستغفر الله عز وجل)[٣٥].

واتە: ئەو کەسەی کەوا بە ئەنقەست (عمـداً) واز لە نوێژ دەهێنێت تاوەکو کاتەکەی بەسەر دەچێت، ئەوا ئەمە هەرگیز ناتوانێت بە قەزا بیکاتەوە بە هەتاهەتایی، بەڵکە با کرداری چاکە و نوێژی سوننەت زۆر ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی تەرازووی چاکاکانی قورس بێت لە ڕۆژی قیامەتدا، وە با تەوبە بکات و داوای لێبوردن و لێخۆشبوون لە خوا بکات .

وە کاتێ بەڵگەیەکی (صحيح)ی ئاوا هەبێ نابێ پەنا بۆ قیاس[٣٦] یان بۆ بنەمایەکی (أصولی) ببرێت کە زاناکان لەسەری ناکۆکن[٣٧] ، بەڵکو بەم بەڵگەیە کێشەکە یەك لا دەکرێتەوە.

وە ئەوەی شیاوی باسە لێرەدا ئەوەیە کە فەرموودەکە دوو خاڵ دەگرێتەوە خۆی:

---

[٣٥] الـمحلى .

[٣٦] قال الإمام القرطبي: (القياس إذا ورد عليه النص بطـل القول به). الجامع لأحكام القران : (٨ /١٠٢) .

وللمزيد انظر : "الحديث حجـة بنفسـه في العقائـد والأحكام" للإمام الألبانـي ص (٣٥-٤٤) و "أصـول مذهب أحمد - دراسة أصولية مقارنة -" للشيخ عبـدالله عبدالمحسن التركي ص : (١١١) وما بعده و "مبحث هـام في سقوط الأجتهاد عند ظهور النص" .

[٣٧] ذهب جمهور المالكية والشافعية إلى أنه لا تجب قضـاء الفوائت إلا بأمر ثان .

یەكـەم: جێگرتنـەوەی سـوننەتەكان بۆ ئەو (فەرز)انەی كە نەكراون .

دووەم: پڕكردنەوەی سوننەتەكان بۆ ئەو كەم وكورتییانەی كـە لـە (فـرض)ە كراوەكاندا هەیە .

زانای ناودار (ابن العربي) لـە شـەرحی (سنن الترمذي)دا، و ( ئیمامی سندي) لـە شـەرحی (سنن النسائي) دا بـۆ یەكەمەكـە دەچـن[٣٨] بەبەڵگـەی ڕیوایـەتی (أبوداود): ((ثم الزكاة مثـل ذلـك)) [٣٩] ، وە كـاتێ زەكـاتی (فرض) بـە سـەدەقەی سـوننەت (تطوع) قـەرەبوو بكرێتـەوە ئـەوا هـەمان شـت بـە نسـبەت نوێـژ هـەروەكو ڕواڵـەت (ظـ ـاهر)ی فەرموودەكەیـە، وە زۆر لـە زانایان بۆ ئـەوە دەچـن كـە فەرموودەكـە هەردوو خاڵەكە دەگرێتەوە .

كەواتــە لێــرەدا بۆمــان دەركــەوت ئەگەر كەسێك چـەند نوێـژە (فـەرز)ێكـی نەكردبێت (عمداً) ئەوا گوناهێكی گەورەی كردووە و پێویستی بە دوو شت هەیە:

یەكەم: تەوبەكردن .

دووەم: زۆر كردنی نوێژی سـوننەت، چونكە خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا بەم سـوننەتانە (فـەرز)ەكـانی بـۆ قـەرەبوو دەكاتەوە .

## * وریـا كردنەوەیـەك لـە دوو خـاڵی ترسناك:

ئـەو زانایانـەی كـە دەڵـێن (قـەزا) كردنەوەی نوێژی (فەرز) بۆ كەسێكە كـە (عمداً) نـەیكردبێ پێویسـتە، سـەرەڕای ئەوەی كە هیچ بەڵگەیەكیان پێ نییـە نـە لە قورئان، و نە لە فـەرموودە، وە نـە لـە قیاسێكی دروست، ووتەكـەیان دوو كـاری ترسناكی لێ دەكەوێتەوە:

یەكــەم: كەســێك كــە زۆر نوێــژی (فــەرز)ی نــەكردبێ، و بــیر لــە( توبــە) بكاتەوە ئەوا هەستكردنی بەوەی كە زۆر (قـەزا)ی لەسـەرە بـار گرانـییـەكی بـۆ دروســت دەكــات، كــە لەوانەیــە دوری بخاتەوە لە (توبـە) كـردن، واتـە: دەسـت كردنەوە بە نوێژ كردن .

دووەم: زۆر جار لەبەر كـارێكی كـەم خەڵكانێك نوێژی (فـەرز) لـە كـاتی خۆیـدا ناكەن، وە دەڵێن (قەزا)ی دەكەینـەوە ! ! ئەمـــەش لەبـــەر بەشـــەرعیەت زانینی(قەزا)كردنەوە !

## * تەوبەیــەك لــە دڵــەوە هــەموو خراپەیەك دە كاتە چاكە :

بۆیە برایان وخوشكانی موسڵمان لـەم دوو هەڵـە گەورەیـە ئاگادارتـان دەكەینـەوە و

---

[٣٨] أنظر: عارضة الأحوذي : (٤٢١/١)، و "سنن النسائي بشرحي السـندي والسـيوطي" : (٢٣٣/١)، و "تحفـة الأحوذي : (٤٧٧/٢)، و "عون المعبـود" : (٨٢/٣)، و "الـمحلى" : (٢٤٥/١) .

[٣٩] صحيح أبـي داود رقم : (٨٦٦) .

وەبیریان دەخەینەوە، كە تەوبەیەكی لە دڵەوە هەموو خراپەیەك دەكاتە چاكە.

خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿فَأُولَئِكَ يبدلُ الله سـيئَاتِهِم حسناتٍ﴾ [الفرقان: ٧٠].

واتە: ئەو تەوبەكارانە خوا خراپەكانیان دەگۆڕێتەوە بۆ چاكە.

وعن أبي ذر (رضي الله عنه) عن النبي (صلى الله عليه وسلم) قال: ((إن الله يبدل لعبده التائب بدل كل سيئةٍ حسنةً)) [٤٠].

واتە: خوای پەروەردگار دەیگۆڕێتەوە بۆ عەبدە تەوبەكارەكەی هەموو خراپەیەك بۆ چاكەیەك.

## * شەرع ڕێ بە ( جمع ) كردنی نوێژ دەدات نەك ( قەزا ) كردنەوەی نوێژ:

ئایینی ئیسلام هەمووی ئاسانكاری و ڕەحمەتە، وە كاتێ كارێكی پێویست هەبێ موسڵمان بۆی هەیە نوێژەكانی (جمع) بكاتەوە، واتە: نوێژی نیوەڕۆ و عەصر لەكاتی یەكێكیاندا بكات، وە (مغرب) لە گەڵ (عشاء) لە كاتی یەكێكیاندا بكات.

بە بەڵگەی فەرموودەكەی (ابن عباس) (رضي الله عنه) كەوا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە (مەدینە) - واتە: لەسەفەر نەبووە - وە نە ترس هەبووە نە باران نوێژی نیوەڕۆ و عەسری (جمع) كردووە، وە هەروها نوێژی (مغرب) و (عیشا)ی (جمع) كردووە، وە پرسیاری ئەمە لە (ابن عباس) دەكرێت، ئەویش لە وەڵامدا دەفەرمێت: ((أراد أنْ لا يحرج أحداً من أمته)) [٤١].

---

[٤٠] صحیح مسلم رقم : (٣١٤).

[٤١] صحیح مسلم رقم : (٧٠٥) . وما ادعاه الترمذي من إنعقاد الإجماع على عدم العمل بهذا الحديث رده النووي في "شرح صحيح مسلم" : (٢٢٥/٥ - ٢١٨) وقد عمل به ابن عباس كما عند "الطيالسي" رقم : (٢٦١٤) وانظر: "الإرواء" : (٣ / ٣٥) .

واعلم أن عدم عمل الناس بالحديث الصحيح ليس دليلاً على عدم العمل به :

قال الإمام النووي: (إذا ثبتت السنة لا تترك لترك بعض الناس أو أكثرهم أو كلهم لها)، أنظر كتاب : "المسح على الجوربين" للعلامة القاسمي ص : (٦٩)، و"شرح صحيح مسلم" للنووي.

واتە : ئەگەر سەلمێنرا كردارێك سوننەتە ئەوا وازی لێ ناهێنرێت لە بەر ئەوەی كە هەندێك لە خەڵك یان زۆربەیان یان هەموویان كاریان پێنەكردبێت .

وقال الإمام الشافعي : (إن حديث رسول الله (صلى الله عليه وسلم) يثبت بنفسه لا بعمل غيره)، أنظر: "الرسالة" للشافعي : (١١٦٦) ، و"إعلام الموقعين" : (٣ /٣٩).

واتە : فەرموودەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) خۆی خۆی دەسەلمێنێت بۆ ئەوەی كرداری پێبكرێت نەك بە كردار پێكردنی جگە لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) .

مەبەستی ئیمامی (شافعی) ئەوەیە ئەگەر كەسیش كرداری بە فەرموودەیەك نەكردبێت ئەوا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەو فەرموودەیە نابێت كاری پێبكرێت بەڵكو

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) بەم (جمع)ە ویستی زەحمەت دروست نەکات بۆ هیچ کەسێك لە ئوممەتەکەی.

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە هەر کاتێك زەحمەتێك هەبوو لەبەر کارێك یان هەر شتێك کە بارگرانی‌یەك بۆ موسڵمان دروست بکات ئەوا ئەو کاتە موسڵمان دەتوانێ (جمع)ی نوێژ بکات، باساغ بێ وە باران نەبێ وە ترس نەبێ بەڵام بەمەرجێك نەیکاتە (عادەت) [٤٢].

ئیتر برا و خوشکی خوێنەر کە ئەمەت بۆ ڕون بووەوە، هیچ پێویست ناکات لەبەر زۆری کار نوێژەکەت نەکەی بەبیانوی ئەوەی (قەزا)ی دەکەیتەوە پاش کاتەکەی، چونکە بۆ ئەم جۆرە حاڵەتە (شەرع)ی ئیسلامی پیرۆز (جەمع)ی نوێژی بۆت داناوە نەك قەزاکردنەوە، بەڵکو قەزا کردنەوەی نوێژێك کە (عمداً) لە کاتی خۆیدا نەکرابێت هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نی‌یە، بە پێچەوانەوە بەڵگە هەیە لەسەر نەبوونی (قەزا)کردنەوە هەروەك لە لاپەڕەکانی ئەم باسەدا بۆت دەرکەوت ...

والحمد لله أولاً وآخراً ...

---

بوونی فەرموودەکە خۆی بۆ خۆی جێی کردار پێ کردنە.

[٤٢] قال النووي: (ذهب جماعة من الأئمة إلى جواز الجمع في الحضر للحاجة لـمن لا يتخذه عادة . ثم ذكر ـ رحمه الله ـ نخبة من هؤلأ الأئمة الذين ذهبوا إلى ذلك وذكر أنه اختيار ابن المنذر، ثم قال ـ رحمه الله ـ : (ويؤيده ظـاهر قول ابن عباس (رضي الله عنه): أراد أن لا يحرج أمته)، فلم يعللـه بـمرضٍ ولا غيره . "شرح صحيح مسـلم : (٥ /٢٢٥) و (٥ / ٢١٧) .

واتە: کۆمەڵێك لە پێشەوایان بۆچوونیان وایە کەوا دروستە نوێژە فەرزەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونیشدا (واتە: لە شاری خۆتیشدا) کۆبکەیتەوە بەڵام بۆ کەسێك کە ئەمە نەکات بە پیشە و عادەت .

وە ئەوەش پاڵپشتی ئەم بۆچوونە بکات بریتی‌یە لە ووتەکەی ابن عباس کە فەرموویەتی: بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) لە ناو شاری مەدینەدا نوێژی نیوەڕۆ و عەصر هەروەها مەغریبی و عیشای پێکەوە بە جەمع ئەنجامدا بۆ ئەوەی ئوممەتەکەی نەخاتە تەنگانە و ناڕەحەتی‌یەوە .

وقال إبن تيمية ـ بعد بحثٍ علميٍ بصدد الجمع بـين الصلوات ـ : ( ... فظهر بذلك أن الجمـع هـو لرفـع الحرج، فإذا كان في التفريق حرج جاز الجمع وهو وقـت العذر والحاجة) "مجموع الفتاوى" : (٢٥/٢٢) .

واتە : بەمە دەرکەوت کەوا کۆکردنەوەی نوێژە فەرزەکان لە گەڵ یەکدا بۆ هەڵگرتنی تەنگی و ناڕەحەتی‌یە، بۆیە ئەگەر لە جیاکردنەوەیاندا (واتە: ئەگەر هەر نوێژێك لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت بە بێ کۆکردنەوە) بووە مایەی تەنگی و ناڕەحەتی ئەوا دروستە کۆیان بکەیتەوە کەوا بریتی‌یە لە کاتی بوونی عوزر و پێویستی .